www.kurdistannet.org
5-4-2003 1:12

# ئەرێ حەجاجتان لە بیر نەچێت؟

علی مەحمود محمد

کێ هەیە لەوەی پێی نابێتە نوگرە سەلمان لە دیلەکان، ئەنفالەکان حەجاج و لێدان و گەرماو تینوویەتی مردنی سەگە مردوو خۆرەکانی لە یاد چووبێت.

حەجاج ناوی ئەو جەلادەیە هەموو ئەو پیرو بە ساڵاچوانەی کە لەزیندانەکانی عەرعەر و نوگرە سەلمان گەڕانەوە، ئەوانەی لە ژیاندا ماون ئێستاش خەو بە دڕندەیی ئەو تاوانبارە دەبینن. دڵ ڕەقترین جەلادی ناو جەلادەکانی بەعس.

ئەوەی منالّی لە دایکی دەسەندەوە، تەرمی قوربانیەکانی دەدا بە سەگەکان، دەست درێژی دەکردە سەر گچان و ژنان، کەربەلای لە چلەی هاویندا بۆ ئازیزەکانمان دروست کردبوو هەزارانی لە تێنویەتی خنکاند. . . . . . . . هەر حەلاج بوو.

ئایا دوای صەدام حەجاج چی بەسەر دێت، چۆن دەدۆزرێتەوە، پەیوەندی دەکات بە حکوومەتی نوێوە، یان لە ولاتێکی دیکەدەبێتە پەنابەر، یاخود کەس نازانێت ناوی ڕاستی چییە و لێمان بزر دەبێت وە بۆ هەتا هەتایە نای دۆزینەوە.

حەجاج ئەو جەلادەیە بە ئاشکرا قەسابی ئەنفالکراوەکانمانی کرد. نەك وەك سەدان تاوانباری دیکەی چەشنی خەزرەجی و وەفیق لە پشت پەردەوە، لە ڕێگەی حەجاجەکانەوە تاوانەکانیان ئەنجام دەدا.

دوبارە دەنگ بەرز کەینەوە داوای دادگایی حەجاج و تەواوی جەلادەکانی ڕژێمی بەعس بکەین

٢٠٠٣/٤/٥